بەغداد بڕیاری خەرجکردنی ٥٠٠ ملیار دیناری بۆ شایستەی داراییەکانی جوتیارانی هەرێم دەدات

بەڵوێبەری گشتیی بازرگانیی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، بەغداد بڕیاری خەرجکردنی ٥٠٠ ملیار دیناری بۆ شایستەی داراییەکانی جوتیارانی هەرێم داوە، هاوکات شایستەی داراییەکانی ئەمسالی جوتیارانی هەرێم ٣٠٠ ملیار دینار بووە و تا ئێستاش ٧٢ ملیاری نەدراوە.

نەوزاد شێخ کامیل، بەڵوێبەری گشتیی بازرگانیی هەرێمی کوردستان زانیاری سەبارەت بە خەرجکردنی شایستەی داراییەکانی جوتیارانی هەرێم لەلایەن بەغداد ڕایگەیاند، بەغداد بڕیاری خەرجکردنی ٥٠٠ ملیار دیناری بۆ شایستەی داراییەکانی جوتیارانی هەرێم داوە، بەڵام تا ئێستا نازاندرێت لەو بڕە پارەیە چەندی بۆ هەرێم دەنێردرێت.

ئاماژەی بەوەشکردووە، بڕی شایستەی داراییەکانی ئەمسالی جوتیارانی هەرێم ٣٠٠ ملیار دینار بووە و تا ئێستا بەغداد بڕی ٧٢ ملیار دیناری ناردووە، لە ئێستاشدا بڕی ٢٣٠ ملیار دیناری ماوە.

ئەوەش لەکاتێکدایە، زیاتر لە پێنج مانگە جوتیارانی هەرێمی کوردستان گەنمەکانیان ڕادەستی حکومەتی

عەراق کردووە، بەڵام تا ئێستا بەشێکی زەریان شایستەی دارایی‌کانیان وەرنەگرتووە.